



# ناساندنی پرۆگرامێک

## پرۆگرامی Flash slide show maker4
## تایبەت بە دروستکردنی ئەلبۆمی وێنە لە ئەنتەرنێتدا



یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەوانەی کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکەن، دەســـتکاری کردنی وێنە و کارکردن لەسەر وێنەیە. وێنە یەکێکە لەو ئامانج و ســـوژەیەی کە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەری کاری لەســـەر دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامگەلی جۆراوجۆر هەن، کە هەرکامیان ئەرکێکی تایبەت بەڕێوە دەبەن. هەندێك لە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر، کارکـــردن لەســـەر وێنە وەك پیشـــە دەزانن، بۆ نموونـــە وێنەگرانی دیجیتالی، دیزاینەرانی کتێب و ڕۆژنامەکان.

چێ کردنی ئەلبۆمی وێنە، بۆ ڕاگرتنی یادگارییەکان، زۆر گرنگە، زۆر پرۆگرامـــی تایبەت بە چـــێ کردنی ئەلبۆمـــی دیجیتالیش هاتوونەتە بەرهەم، یەکێك لەو پرۆگرامە سەرکەوتووانە کە فایلەکان بە فۆرماتـــی SWF خەزن دەکات، (فۆرماتی SWF پەیوەندار بە فایلەکانی فلاش، ئەو ئەو فۆرماتە ئەو هەلە دەرەخسێنێ کە فایلەکان لە ئەنتەرنێتـــدا وەك خۆی دابەزێنی) پرۆگرامی Flash Slide Show maker، ئەو پرۆگرامە ئەلبۆمی زۆر جوان دەخولقێنێ و دەکرێ چەندین دوگمەی تایبەتی بۆ دابنێی.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆگرامە دەکرێ ئاماژە بەوانە بکرێ:

- دروستکردنی ئەلبۆمی وێنە بە فۆرماتی SWF.
- ئاسان بەکارهێنای ئەو پرۆگرامە بە چەندین ئامرازی گرافیکی.
- توانـــای کۆپـــی کـــردن لەســـەر CD و DVD بەهـــۆی پرۆگرامەکەوە.
- دانانی دوگمەی کۆنترۆڵ لەسەر ئەلبۆمەکان.
- ئیمکانی دانانی نیشاندان بەر لە چێ کردنی ئەلبۆمەکە.
- قالـــب و چوارچێـــوەی جۆراوجـــۆر بـــۆ نیشـــاندانی ڕواڵەتـــی ئەلبۆمەکان.
- ئیمکانـــی دانانی ئیفکێتی وێنـــەی جۆراوجۆر لە کاتی گۆڕانی وێنەکاندا و زۆر تایبەتمەندی دیکەش.

# کارتی پێناسی دیجیتالی




کۆمپانیایەکی ئەمەریکی یەکەمین کارتی ریکلام یان پێناسی دیجیتالی بەرهەم هێنـــاوە کە ناو و ناونیشـــان و هەندێـــك زانیاری دیکەی لەسەر خەزن دەبێت.

ئەم کارتانە کە بە کارتی rCard ناســـراون، ســـایزەکەی ١٠ بـــە ٨،٥٠ســـمە. ئەم کارتی پێناســـە میمۆرییەکـــی لەگەڵە کە توانای خەزنکردنـــی یـــەك گێگابایتی هەیـــە. بـــە کۆمپیوتـــەر پەیوەند دەدرێ و دەکـــرێ فیلم، وێنە، دەق لە کۆمپیوتەرەوە لەســـەر کارتەکە خەزن بکەی و پاشـــان زانیارییە خەزنکراوەکە لەسەر شاشەی LCD لە کارتەکەدا خەزن بکەی.

کارتەکە ببینی.

ئەم کارتە بۆ ڕۆژنامەنووسان زۆر بە سوودە، دەکرێ هەم بابەتەکانی خۆیـــان تێدا خەزن بکـــەن و هەم وێنەکانی پەیوەندار بە باتەکانەوە.

ئـــەم کارتە لە داهاتـــوودا دەکرێ وەك کارتی پێناســـیش ســـوودی لێوەربگیرێ. بۆ ئـــەم کاتەی کە تووشی کارەساتێکی تەقینەوە یان کارەســـاتی پێکدادانی ئۆتۆمبێل دەبی بە ســـوودترین شتە، چونکە دەکرێ زانیارییە کەسییەکانی خۆت وەك: گرووپی خوێن، نەخۆشیەکانت

# ماوس جێگای تەلەفۆن دەگرێتەوە



ماوسێکی نوێ کە سەرەڕای ئەوەی کارایی ماوسێکی ئاسایی هەیە، وەك تەلەفۆنیش سوودی لێوەردەگیرێ بۆ تەلەفۆنی ئەنتەرنێتی (Voip) سکایپ هاتۆتە بەرهەم.
ئەو ماوسە شاشەیەکی بچووکی LCD لەسەرە، کەتوانای نیشاندانی ژمارەی پەیوەندییەکان و گشت زانیارییەکی گرنگ سەبارەت بە تەلەفۆنی تێدایە.

ئەو ماوسە چەکمەجەییە بە دوگمەیەك دەکرێتەوە، وەك تەلەفۆنێك سوودی لێوەردەگیرێ. لەو ماوسەدا CPUیەکی پێشکەوتووی تێدایە کە بە یارمەتی پرۆگرامی سکایپ پەیوەندییەکان دادەمەزرێنێ و هەر بەو ماوسە وەڵام دەدرێتەوە.
مایك و سەماعە، کێبڵێکی USB، چەند تایبەتمەندیەکی دیکەی هەیە.
کێشەی ئەو ماوسە ١٠٠ گرامە.




# منداڵێکی تەمەن ٨ ساڵە پرۆگرامنووسی کۆمپانیای ACTELە



"کارسۆن" ناوی ئەو منداڵەیە، کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە ٧ ساڵی کە توانی گرفتی درایڤەکانی کۆمپیوتەر بەتەنیا چارەسەر بکات و هەربەخۆشی سیستەمێك دابەزێنێتە سەر کۆمپیوتەر.
کارسۆن کە خەڵکی ئەیالەتی تەگزاسی ئەمەریکایە، یەکەمجار پرۆگرامنووسی بە پرۆگرامی Calif-based actel و پرۆگرامی Montain View دەستپێکرد.
باوکی ئەو کورە یەکێکە لە پسپۆرانی بواری کۆمپیوتەر لە کۆمپانیای ACTELدا.
ئەندازیارانی کۆمپانیا دەڵێن: کاتێك لە گەڵ "کارسۆن" قسە دەکەین وەك کەسایەتیەکی زۆر لێهاتوو قسەمان لەگەڵ دەکات، قەت وابیر ناکەیەوە کە ئەوە منداڵێکی تەمەن ٨ ساڵەیە.


# مۆبایلێک کە شەحنەکەی هەتا دوو مانگ دانابەزێ



کۆمپانیای فلیپس یەکەمین باتری مۆبایلی هێنایە بەرهەم کە هەتا دوو مانگ واتە٦٠ ڕۆژ شەحنەکەی دانابەزێ، لەوکاتەی کە بەردەوام قسە دەکەی باترییەکەی بایی ١٧ کاتژمێر قسەکردن دەکات.
ئەو مۆبایلە بە Xenium ناسراوە، لە تایبەتمەندییەکانی ئەو هاندە ئەوەیە لە تۆڕی سێ باندی GSM/GPRS سوود وەردەگرێ. کامیرایەکی هەیە، شاشەکەی لە جۆری TFTە و ٦٥ هەزار ڕەنگ نیشان دەدات، ڕادیۆی لەگەڵدایە و کارتی میمۆرییەکەی ٢ گیگابایتە.



# باتریيە مردووەكانی لاپ تۆپ سەرلەنوێ زیندوو دەبنەوە





باتـری رۆڵێكی گرنگ دەگێڕێ لــە بەگەڕكەوتنی ئامێرە ئەلكترۆنییەكان، لە راسـتیدا گیانی ئامێرەكانە، چونكە بەبێ باتری ئامێرەكە بەگەڕ ناكەوێ. باتری لاپ تۆپیش وەك گشت ئامێرێكی دیكەی ئەلكترۆنی تەمەنی نەمری نییە، رۆژێك دێ كۆتایی بێت. باتـری لاپتۆپ پاش ساڵێك یان دوو ساڵ كاركردنی بەردەوام، ئیدی ئەو توانایەی پێشوویان نامێنێ. لە دواییدا تەنیا 10 هەتا 15 خولەك وزە لە خۆیاندا رادەگرن. باتری لاپ تۆپەكەتان تووشی ئـەم گرفتە بووە، خـەم مەخۆ ئەگەر ئەو هەنـگاوە بگرە بەر، گیانێكی تازەی دێتەوە بەر. بەم هەنگاوە باترییەكەتان كاتژمێرێك هەتا دوو كاتژمێر تەمەنی دەچێتە سـەر. ئەگەر بۆ ماوەی 14 هەتا 15 كاتژمێر باترییەكە بخەیە ناو بەفرگر (فریزەر- مجمدە) ئیدی گیانێكی تازەی دێتەوە بەر. بە دڵنیایی و بەبێ مەترسی ئەوە بكە. رەنگە بڵێی چۆن شتی وا دەبێ. بەڵێ ئەوە زانست سەلماندوویەتی.

چونكە هەموومان دەزانین بەشێوەیەكی گشتی لە تەنە جۆراوجۆرەكاندا بەهۆی لەرزینی گەردیلـەكان وزەی كارەبا بە ئاسـانی پێیدا هاتووچۆ نـاكا. ئەو گرفتە لە تەنـە گەیەنەرەكان كەمترە، چونكـە گەردیلەكان بەشـێوەیەكی رێكوپێـك داندراون. بەڵام بۆ ئەوەی كە تەنێـك بكەی بە گەیەنەر دەبێ سـاردی بكەی تاكو لەرزینی گەردیلەكان كەمتر بێ. (لەرزینەكە هیچ كات ناوەستێت مەگەر پلەی سـەردی بگاتە 273 خوار سـفر). هەربۆیەش دەبینین CPU ی كۆمپیوتـەر لە هاویندا بەهۆی پلەی گەرمی باش كار ناكات و زستانان باشترە.

دیارە دەكرێ ئەم شـێوازە بۆ باتـری مۆبایلیش تاقی بكرێتەوە، لەسـەر هاردیسكی كۆمپیوتەر تاقیكراوەتەوەو ئاكامێكی باشی بەخشیوە، هاردێك كە لەكاركەوتووە دوای 10 هەتا 15 كاتژمێر كە خراوەتە ناو بەفرگرەوە سەرلەنوێ باش بۆتەوە.

## دەكرێ SMS لە نیوەی رێگادا بگێڕینەوە؟



یەكێك لەو گرفتانەی كە رەنگە بۆ زۆر لەوانەی كە بەردەوام SMS دەنێرن، هاتبێتە پێش. ناردنی كورتە نامە بە هەڵە بــۆ یەكێكی دیكە. بۆ نموونــە دەخوازی نوكتەیەك بۆ هاورێیەكـت بنێری. بەڵام بەهۆی هەڵی خۆتـــەوە ناوی هاورێیەكەت لەگەڵ یەكێكی دیكە لێ تێكدەچێ، جا لەبەر لێك نزیكی ناوەكانیان بێ یان هەر هۆیەكــی دیكە. ئەگەر دوگمەی Sendیشـت داگرت، ئیـدی كورتە نامەكە دەڕوات و لە دەسـتی تۆ دەچێتە دەر. بەڵام ئێمە لێرەدا شێوازێكی نوێتان فێر دەكەین كە پــاش بەرێكردنی SMSەكە ئەگەر زیاتر لە دە چركەی بەسەردا تێنەپــەڕی بــێ، هەتــا ئەگەر دوگمــەی Sendیشــت لێدابێ بگەڕێنیەوە.

ئەو شێوازە لەسەر هاندەكانی نۆكیا تاقیكراوەتەوە و ئاكامەكەشی باش بـــووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەســەر هاندەكانی دیكەش دەكرێ ئەنجام بدرێت.

ئەگــەر دوگمــەی Sendت لێدابێ، لەســەرەتادا SMSەكە دەچێتــە بەشــی Outbox. لەوێدا SMSەكە هەر لەســەر هاندەكــەی ئێوەیــە، بۆ تۆڕی مۆبایلەكە بــەرێ نەكراوە، واتە لــە حاڵەتی Sending دایە. هەر ئەوەندە بەســە كە دوگمەی Power لێبــدە و هاندەكــە بكوژێنەوە. ئەگەر ســەرلەنوێ پــێ بۆوە، بچۆ ســەر بەشــی Messaging و لەوێــش بچۆ سەر بەشی Outbox و SMSەكەی خۆت دەبینیەوە كە كەوتۆتە حاڵەتی Deferred واتە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. ئێســتا دەتوانی بــە دوگمەی Options كورتــە پەیامەكە راگیراوەكــە بــۆ Delete هەمیشە بسڕیەوە.

## كارتی میمۆری وایەرلەیس




كۆمپانیـای Planex communi cations كــە چالاكییەكانی لــە بواری بەرهەمهێنانـی میمۆری دایە، كارتـی میمۆرییەكـی نوێی بەرهەم هێناوە كە لە سیستەمی پەیوەنـدی وایەرلەیس سـوود وەردەگـرێ. بەهـۆی ئـەو سیسـتەمەوە واتە سیسـتەمی خزمەتگـوزاری wireless LAN كە بەنـاوی Wi-Fi ناسراوە. ئەو ئیمكانە بۆ مۆبایل دەرەخسـێنێ كـە زانیارییەكان رابگوێزێ و لـەو رێگایەوە بە ئەنتەرنێتەوە پەیوەندی هەبێ. ئـەو كارتە نوێیە بـە مۆدێلی miniSD دروسـتكراوە و لە سیسـتەمی وایەرلەیسـی IEEE802.11b پشتیوانی دەكات. نـاوی ئـەم كارت میمۆرییە GW-MS54G. میـمۆری كارتـی ناوبـراو لەسـەر ئەو مۆبایلانە دەخرێ كە رێڕەوی كارتـی میمۆری SD10یـان هەیـە. بەهۆی ئەو كارتـەوە دەكرێ بە خێرایی ٥٤ میگابایـت لە چركەیەدا بە ئەنتەرنێتەوە ببەسترێتەوە.